www.kurdistannet.org
13-10-2006 10:49بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## بەراوردی سامانەکەی من و سەروەتەکەی مەلا بەختیار! .. عەلی عەریف حەمید



وەک لای هەموو کەس ئاشکرایە ماوەیەکە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان خۆی بە هەڵبژاردنەکانی ریزەکانی ریکخستنەوە سەرقاڵ کردووە.
هەر لەو چوارچێوەیەداو لەو رۆژانەی رابردوودا لە شاری کفری بەرێز مەلا بەختیار ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی وەکو لیژنەی بەدوادا چوون وچارەسەری کێشە ئالۆزەکانی ناو پرۆسەکە دانراوە، لەسەردانێکیاندا بۆشاری کفری و بۆ چارەسەری کێشەی تەکتولاتی نێوان باڵەکانی رێکخستن، لەو سنورەش مەلا بەختیار نەیتوانیوە بێلایەنی خۆی بپارێزێت. ئەوە بوو کۆمەڵێ چەتەو کەسانی یاسا شکێن لە ژێر چەتری تەکتولاتەکەی کاک بەختیاردا مەلاس دراون! بۆ ئستفزاز کردنی رکەبەرەکەیان بە بیانووی ئەوەی گوایە کۆمەڵێک ژن لە ماڵی ئێمە حجز کراون تا بێبەش بکرێن لەو هەڵبژاردنە! کە ئەوەش پەسەند دیدەی هیچ لۆژیکێک نیە. لەو سەروبەندەدا لەپڕ ماڵی باوکم لەلایەن ئەو یاسا شکێنانەوە بە ئاگری بیکەیسی و چەکی کلاشیکۆف بەر تەقە ئەدرێت. کەئەوەش نارەزایی و بێزارییەکی زۆری لای خەگ dڵگ8ی شاری کفری دروست کردووە.
دواتر کاک بەختیارو وەفدی هاورێی لە ژێر ئەو گوشارانەدا بە ناچاری ماڵی ئێمەشی بەسەر کردووەتەوە. لەبری راچەڵەکینی بۆ قێزەونی ئەو رووداووکێشانە لەناو خەڵکدا، کەچی سەرسام بوونی خۆی بۆگەورەیی خانووەکەمان وجوانی ماڵەکە نیشانداوە (ئەمە ماڵە یان ئەنجومەنی وەزیرانە؟!).
منیش بۆ پاکانەم نا!!؟بەڵکو بۆ وەڵام و چاو روونی کاک مەلا بەختیار، کە پێویستە بزانێ ئەو خانووە بەدزینی ماڵی جەماوەرو تیکەی قورگی خەڵکی بێنازو بەرهەمی خوێنی هیچ کەس نیە! چونکە ئێمە لە ئاکامی خەباتی شاروشاخ مان لەپێناوی کوردایەتیدا تەنها کوێرەوەری وچەرمەسەری وکاولکاریمان بۆ ماوەتەوە. بەڵام روو سوورو سەربەرزین.. بۆیە دەکری بڵێم:
لەسایەی عزەتی نەفسم سەرشۆرناکەم بۆ هیچ کەسێ... سەربەرزیمەکەناهێڵێ دەمم بەرم بۆهیچ دەستێ!
بۆماوەی ساڵانێکە بەندە بەخێزانەوەو هاورێ لە گەڵ دووخوشکەزای باوک ئەنفال م دا لە وڵاتی نەرویج گیرساوینەتەوەو خۆشبەختانە بەکاری پشوو درێژی و ئارەقەی نێو چەوانمان، دەست رەنگینی خوشکەزاکانم لە کاری میکانیکی ترۆمبیل دا (فیتەر) ی، بە تەواوی تونیومانە تەکوینی ژیانی خۆمان و خانەوادەمان بکەین. خۆشبەختانە داهاتی رۆژانەشمان لە 1000هەزار دۆلار کەمترنیە.
ئەو خانووەش کە جەنابتان بەدیداری شاد بوون، بەشێکە لەوشەونخونیەمان! گەر پێیشت سەیرە ئەوا بێ دوودڵی ئامادەین سەرچاوەی داهات وحیسابی کۆنتۆکانمانتان بۆ نێرین. بەڵام ئایا ئەکرێت جەنابیشت سەرچاوەی سامان وداهاتەکەت بۆ ئێمەش وبۆ خەڵکی بەگومانی نیشتیمانەکەتیش ئاشکرا بکەیت؟.
خۆ ئەگەر باس لە خەبات و پێشمەرگایەتیت بکەی، من رێزو پێزانینم بۆ تێکۆشانی هەموو کەسێك هەیە. وەلێ دڵنیابە ئەوشۆرشە گەورەیەی لەرابردودا هەڵگیرساو لەئێستادا ئەم دەسەڵاتە مەزنەی

لێکەوتوەتەوە، تەنها بەری ڕەنجی دەستەو تاقمێک نیە بەرێزم، هەتاوەکو هەموو بەرهەمەکەی هەر خۆتان قۆرخی بکەن.

ئەگەر جەنابتان لەسەر لادان و لاساریتان، هەڵبەزو دابەزی فیکریتان شەقی پێشمەرگەی یەکێتیی تان خواردبێت! ئەوا من و بنەماڵەکەم تەنها شەقی جەلادەکانی بەعس مان خواردووە.

گەر باس لەخەبات و تێکۆشانی ڕابردووی پێشمەرگایەتیش بکەن، ئەوا بەندەش وەکو جەنابتان هەر لەسەرەتای هەشتاکانەوە یەکێک بووم لە پێشمەرگەکانی تیپی 51ی گەرمیان ئەو کاتە. برایەکیشم شەهیدی سەنگەرە. ئەمەو زیاتر لە (200) دووسەد مەردی کەسە نزیکەکانم شەهیدو ئەنفالن. لەکاتێکدا لەگەڵ ئەوەی هیوای تەمەن درێژیتان بۆ ئەخوازم، نەمبیستووە لە دوور تانزیک جەنابتان خاوەنی یەک شەهیدو ئەنفالیش بن! لەگەڵ ڕێزم دا.

لەگەڵ ئەوەشدا سەد بەرانبەر بەخەبات وماندوو بوون وتێکۆشانەکەت مافت وەرگرتووەتەوە!.

خۆ ناشتوانی بلێی وانیە؟!!.

منیش تاوەکو ئێستا لەهەموو کوردستاندا یەک مەتر زەویم لە یەکێتیی نیشتیمانی وحکومەتی هەرێم و هیچ حیزب و ڕێکخراوێکیش وەرنەگرتووە. چاوەڕێشی ناکەم.

دەشتوانی وردبینی بکەی ئەوەی بەمن دراوە لێم وەرگرنەوە.

جابۆیە هەق نیە تانەو تەشەر بگرنە لانەی کەسێک کە ئامادەبێ بەکار کردن ڕۆژ بداتە دەم شەوو بە ئارەقەی نێو چەوان و هێزوبازوی دەستوپەنجەی بەرهەمی گوزەرانی هەبێت...

بەتایبەتی خانووەکیش کە لەسەر زێدی باوباپیرانم و لە شارێکی وێرانەو کەم خزمەت وپشتگوێ خراوی وەکو کفری یشدا بێت! کە مەگەر بەڕێزتان بۆ کێشەیەکی ئا لەوجۆرە سەری پیادابکەن.

لەگەڵ ڕێزمدا.

عەلی عەریف حەمید / نەرویج
aso_272@hotmail. com